# پێشنیارێکی وەرزشی

سەردار خۆشناو

٢٠٠٣/٤/١٠

لەگەڵ برادەرێکم کەرۆژنامەنووسەو هەروا کۆنەیاریزانیشە لەگفتۆگۆیەکی تەلەفۆنیدا باسمان لەو تاوانانە کرد کەبەتۆمەتی کاری سیاسیی وغەیرە سیاسیەوە لەسایەی حوکمی رەشبگیری سەددام و دارو دەستەکەیەوە دەرهەق بەخەڵکی سقیلی کوردو غەیرە کورد کراوە، کەپێمانوانییە هەرگیز لەهزری هیچ کەسێ سوك وسانا بسرێتەوە، وەرزشیش بوارێکی تری لەوجۆرە زوڵم لێکردنەبووە نەخاسمە لەلایەن عودەیەوە بەتۆمەتی جۆراوجۆرلەبەرامبەر وەرزشونان پێرەکراوە، ئەو لەساڵی ١٩٨٤بۆ شڵەژان خستنە نێو یانەکانی تری عێراقی وبەرزکردنەوەی ناوی خۆی وەك پاڵەوانێك لەو بواردا (یانەی رەشید) ی دامەزراندو کامە یاریزانی باشی هەڵبژاردەی عێراق بوو لەوێ کۆیکردنەوە، هەڵبژاردەی عێراق بەجلێکی ترو ناوێکی ترەوە خستنیە نێوگۆرەپانەوە، لەهەر شکستێکیش، رووبەروی جۆرەها ئەشنجکە و ئازاری نێو زیندانەکان ژێرلیژنەی ئۆلمپی دەبوونەوەو زۆریش لەیاریزانان بەهۆی ئەشنکەجەو ئازارەوە گیانیان لەدەستدا، دەخوازم بڵێم بۆ بیرکردن سرینەوەی لەو جۆرە ئازارە دەروونی و جەستەییەی دووچاری چەندان یاریزان بۆتەوە لەئێستاوە ئەو پێشنیارەم بخەمە بەردەم یانەی هەولێری وەرزشی بەوەی دەست پێشخەربێ لەدوای ئازادیی تەواوی عێراق خولێکی برایانە بەنێوی (خولی ئازادیی عێراق) لەشاری هەولێر بۆ هەندێ یانەی ناوەراست و خوارووی عێراق وگەر بکرێ یەك دوویانەش لە ولآتی کوێت میوانداری بکەن بکەنەوە، دوا دیاریش جامێك یا هێمایێك بێ نیشانەی برایەتی و پێکەوە ژیان بێ لەعێراقێکی ئازادو دیموکراسی وفیدرالْدا ٠

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت